(٢)

**کەشکۆڵی عەزیز و سەوزەحمەد**

**(نووسراو لە بۆکان**

**ساڵی ١٨٨٠ی زاینی)**

**ئەنوەر سوڵتانی**

**هاوینی ٢٠٠٩**

که شکۆڵێکی ٩٣ پەڕەیی (١٨٦ لاپەڕەیی) یە، پێ شتر لەلای خوالێخۆ شبوو میرزا عە بدولڕەحمانی دداز سازی بۆ کانی (ڕۆ ستەمی) بووە و دوا تر گەیێ شتووە بە ڕێزدار عەبدوڵڵا ڕۆ ستەمی –کوڕی ناوبراو و مامۆ ستای خانەز شینی شاری بۆ کان. کاك عە بدوڵلا بە ئەما نەت کە شکۆڵەکەی داوە تە ڕێزدار عەبدولڕەحمانی محەمەدیان و ئەویش –دوای مۆ ڵەت وەر گرتن لە خاوەنە کەی– ناردوو یەتی بۆ من بۆ پێدا چوونەوە و هەڵ سەنگاندن و ئا شکرایە م نیش دوای کۆتایی هاتنی کارە کەم دەینێرمەوە بۆیان و سپاسی زۆری خۆمی هاوڕێ دەکەم.

بە گوێرەی ئەو سەنگ و سووکەی من کردوومە، کە شکۆڵەکە کۆمە ڵەی دوو بەیازی جیاجیایە و گەرچی بە دابی کۆن، ژمارە بۆ پەڕەکانی دانەنراوە، من هەوڵم دا بە قەڵەمی ڕەش (ڕەسا سی) و زۆر بە وردی، بێ ئەوەی زیانێك بە پەڕەکان و دە قی نوو سراو بگات، ژمارە یان بۆ دابنێم، کە سەرجەم بوو بە ٩٣ پەڕە، لام وا یە ٦٣ لا پەڕەی یە کەم لە ٣٠ لا پەڕەی دوا تر ج یاواز بووبێت و درەز گتر شیرازەیان پێکەوە بەسترابێت، واتە بە تە قەڵ بە یە کەوە دروا بێتن و بەرگێکی نەرم و جواز یان لە چەرمێکی قاوەییی نەعاملاوی کەمتر خۆشکراو تێگیرابێت.

شێوە خەتی ناو کە شکۆڵەکە، لە یەك و دوو زیاتر و بە بۆچوونی من فەقێ و مەلا و خوێندەواری جیاواز شیعریان تێدا نوو سیوە یا نوو سیوەتەوە، قەبارەی لا پەڕەکان بەم شێوەیە: ١١,٥ × ١٨ سانیتمتر

قەبارەی بەرگی چەرمی هە ندێك لە لاپەڕەکان گەورەترە: ١٢ × ٢٠ سانتیمتر

هەر لا پەڕەی سێ یا چوار ستوون شیعری تێدا نووسراوە و شیعرەکان لە باری در ێژاییی لاپەڕەکا نەوە لە سەرەوە بۆ خوارەوە نوو سراون، بەڵام ستوونی ن ێوان دوو ستوونی سەرەکی لە ڕاستەوە بۆ چەپ نوو سراوە و وەك هێڵێ کی باریکتر دوو ستوونەکەی لە یەکتر جیا کردووەتەوە.

شێوە خە تەکان نە ستەعلیقن و هە ندێك جار بە شێوەیەکی موز شییانە نوو سراوە، بەڵام زۆر بەی جار، ناوە ستایی و ڕادەی کەمخوێندەواریی نووسەر یا نوو سەرەکانیان دەگەیێنن.

نوو سەر، یا خاوە نەکانی کە شکۆڵەکە بە شێوەیەکی ساکار و کەمتر شارەزایانە هەوڵی هەندێك ڕازاندنەوەی لاپەڕەکانیان داوە:

١- ناوی شاعیرەکانیان لە سەرەتای زۆر ێك لە شیعرەکاندا بە ڕەنگی سپیی ناو چوار چێوەیەکی ڕەش نوو سیوە. ئەو چوار چێوانە بە شێواز و ئە ندازەی جیاج یا پێك هاتوون.

٢- سەرتاپای لا پەڕەکانیان بە ڕەن گی سوور، سەوز ڕە نگ کردووە، کە وێدە چێت ئەم کارە پێش نوو سینی شیعرەکان بەڕێوە

چووبێت، بەڵام ڕەنگەکان هەندێك جار لە لاپەڕەکانی ترو لەسەر شیعرەکانیش دراون.

۳- جیا لەوانە، هەندێك تەرح و وێنە کێشراون کە نازانرێت چین و شوێنی بەتاڵی نێوان شیعرەکانیان پێ پڕ کراونەتەوە.

هەندێك یادداشتی غەیرە شیعری بەسەر لاپەڕەکانەوە نووسراون و هەندێك ناو، ناوبردە کراون، کە لە پەیوەندیی ناسینی نووسەر(ەکان)ی کەشکۆڵەکەدا خاوەنی بایەخی تایبەتن و هەروەها ڕێکەوتی پێکهاتنی کەشکۆڵەکەمان کەموزۆر بۆ دیاری دەکەن. ئەوانەی خوارەوە دەقی ئەو یادداشتانەن، من بە شوێنیاندا هەندێك ڕوونکردنەوەی خۆم هەن، دەیاننووسم.

ل۵۰ ستون ۳ "عباسعلی (امیر ولی)"

ل۹ ڕاست ستون ۱ "عزیز ۵۱ ناتمریزی"

+ مۆر [ناخوێنرێتەوە]

ل۱۲ ڕاست ستون ۱ (( تمت شد کلّه از نسخەاست. عزیز))

ل۳۹ چەپ: ((فحل مادیان بوره غنچه اسم ۱۳۱۷ تنگوز ئیل عصر ۵ شنبه ۲۹ شوال دو دست از اسب کرند (؟) عموی میرزا صالح جباری (؟) باد آمین. بیست روز از زستان به نوروز مانده بود که محل دادەشد.))

[۲۹ شوال ۱۳۱۷ = ۱۹۰۰/۱/۳۰ز]

ل۳۹ چەپ "سچقان ایل موش ....."

ل٤۰ ڕاست، ستون ۱، (( شفیع شفاعت کند))

ل٤۲ ڕاست مۆر: "عبده رستم (؟)"

ل٤۸ ڕاست، کۆتاییی لاپەڕە، دەستی چەپ، مۆر: "عبده سەوز ئەحمەد ۱۲۹۸"

[- ۱ مانگی ساڵی ۱۸۸۰ و ۱۱ مانگی ۱۸۸۱ز] (سوز احمد)

ل۵۰: مۆری ڕووسی

ل۵۱ چەپ ((خطی سبزەحمداست))

ل۵۵ ڕاست ستوونی ۱: "فەقێ"

ل۵۹ چەپ، ناوەڕاست: (( یا حمد .... بە سوره حمد))

ل٦۵ ڕاست (کۆتاییی ستوونی ناوەڕاست): ((۱۳۱۰، ۲۲ رمضان المبارك، ایلان ایل))

[۲۲ رمضان ۱۳۱۰ مانگی = ۱۸۹۳/٤/۹ زاینی]

ل۷۵ ڕاست (لای سەرەوەی ناوەڕاست): "۱۳۱۸ نوزده ذالحجة اودایل" [۱۹ ذالحجة ۱۳۱۸ = ۱۹۰۱/٤/۱۰ز ئۆدئیل = ساڵی مانگا]

ل۸۳ ڕاست ( ستون اول): ((نسخه کوت است ...)) (؟)

ل۸۷ ڕاست ( ستوونی یەکەم): ((۳ شوال مطابق ایت ایل ۱۳۱٦ عزیز)) [= ۱۹۰۲/۱/۱٤ز]

۱. عەبباسعەلی ( ئەمیر وەلی)، نازانم کێیە، بەڵام بە ئاشکرا، هی ناوچە باشووریەکانی کوردستان و لای کرماشان و ئیلام و لەکستان و لوڕستانە و زۆر گونجاوە هی ئیماندارێکی شیعی بێت یا ئەهلی حەق.

۲. " عەزیز... ۵۱ تمریزی"، ئەگەر بە تەواوەتی بخوێنرێتەوە، وا هەیە پەیوەندیشی لەگەڵ کەشکۆڵەکەدا بناسرێت، لەبەر ئەوەی من بە یەکێ لە دوو نووسەرەوەی کەشکۆڵەکەی دەزانم.

۳. (( فەحلی مادیانە بۆرە))، یادداشتێکی ئاسایی یە کە خەڵکانی

خوێ ندەوار لە سەر لا پەڕەی کتێب یان دەنووسی و لەڕاستیدا هیچ ناگەیێنێت، جگە لە ڕێکەوتی ساڵی ۱۳۱۷ [۱۹۰۰ز].

٤. شەفیع شەفاعەت بـ کات، ئە گەر ئاماژە یەك بە ناوی میرزا شەفیعی کولیاییی شاعیر نەبێت، دۆعا یەکی ئا سایـی یە لەلا یەن ئیمانداریێکەوە.

٥. مۆری "ع بدە ر ستم"، دوور نی یە مۆری خوالێخۆشبوو "ڕۆستەم" باوکی میرزا عە بدولڕەحمانی دداذ ساز و خاوەنی کەشکۆڵەکە بێت.

٦. ناوی " سەوزە ئە حمەد" و " سبزە حمد" دوو جار لە لاپەڕە ٤٨ی ڕاست و ٥١ی چەپدا هاتووە و لە دووهەمیا ندا گوتراوە " خەتی سەبزەحمەدە" و ڕێ کەوتی ۱۲۹۸ [۱۸۸۰-۸۱]یشی پێوە دەبینرێت. هەر ئەو ڕ ستەیە و دووپاتبوو نەوەی ناوە کە، مذ یان هێنا یە سەر ئەو باوەڕەی کە نوو سەری کە شکۆڵەکە، یاخود یەك لە نوو سەرەکانی هەر ئەو " سەوزەحمەد"ە بـ ێت. هەر کەس بووە یادی بەخێر بـ ێت و هـ یوادارم لە سەر چاوەی دیکەدا زاذیاریی زیاتری لە سەر دەست بکەوێت.

٧. ساڵانی ۱۳۱۰ و ۱۳۱۸ [۱۸۹۳ و ۱۹۰۱ز] تەنیا ئەوە دەگەیێنن کە کە شکۆڵەکە لەو ساڵانەشدا بە دەست کەسانێکەوە بووە و بابەتیان لێ زیاد کردووە.

٨. ((نسخە کوت است)) نەمزانی چییە، هۆکارەکە شی و شەی " کوت"ە کە بە با شی بۆم نەخوێنرایەوە.

٩. ((۳ شوال مطابق ئیت ئیل، ۱۳۱٦، عزیز" و "عزیز .... ٥١ تمریزی))

من بەبێ ئەوەی هۆ کارێکی ڕوونم بەدە ستەوە بـ ێت، لام وا یە عەزیز یەك لە نوو سەرانی کە شکۆڵەکە بێت و هاتنی ناوی بۆ دوو جار لە دوو لا پەڕەی ٩ی ڕا ست و ٨٧ی ڕاستدا بە هەڵکەوت نەبوە.

هەر بەو بۆنەیەوە عەزیز و سەوزە حمەد بە پێکهێ نەکانی کە شکۆڵەکە دادە نێم، تا کاتـ ێك کە زانیاریـ یەکی دژ بەوەمان دە ست بکەوێت.

من ئەم بۆ چوونانە بۆ د یاریکردنی شوێنی نوو سرانی کە شکۆڵەکەش، دەخە مە ڕوو:

١. زۆر وا هە یە ئەم کە شکۆڵەش وەك بەیازی کۆنی ئەو سەردەمانە (لای کەم، کۆتایـ یەکانی سەدەی نۆزدە هەم)، بەدە ست مەلا و فەقێ و موستەعیدەوە ئەم گوند و ئەو گوندو ئەم ناو چە و ئەو ناو چەی کورد ستان گەڕابێت و لە حوجرەی مز گەوتی جـ یاواز بابەتی جیاجیای لێ زیاد کرابێت.

هۆی ئەم بۆچوونە شم، بوونی شیعری هەمەچە شنەی شاعیرانی کوردە، هی ناو چە جیا جیا کانی کورد ستان هەر لە هەورامان و ناو چەی " گۆران"ەوە بگرە تا موکریان –کە لەوێ بە شیعری "ئە حمەدی کۆر" باڵ دەکێ شێتە سەر زاراوەی کر مانجیی ژوورووش– دەزا نین کە شیعری ئە حمەدی کۆر ئاڵ قەی پەیوە ندیی ذ ێوان کر مانجیی ژووروو و خواروەوە.

٢. شیعرەکان هی سەردەمێکن کە شیعری کر مانجیی خواروو، بەهۆی نالی و سالم و کوردی و شێخ ڕەزاوە سەر بەرز دەکا تەوەو شان لە شانی شیعری

دەوڵەمە ندی ناو چەی گۆران و هەروەها شیعری کر مانجیی ژووروو دەدات. شیعری ئەو شاعیرانە و هەروەها ناری و حەریق لە کەشکۆڵەکەدا دەبینرێن.

٣. قور ساییی سەرەکیی شیعرەکان، هی ناو چەی هەورامان و موکریا نە. شیعرە هەورامی یەکان بەگ شتی هی میرزا شەفیعی کول یایی ( بێ لەواری/ مامێزەکی)ن، بەڵام شیعری شەهاب یا شەهابی و هەروەها خا نای قو بادیی تێدا تۆ مار کراوە. بەڵام ژمارەی شیعری شاعیرانی ناوچەی موکریان ( مەهاباد و بۆ کان و میا ندواو) لەناو شیعرەکاندا بەر چاون: وە فایی، ئە حمەدی کۆر و عەبدوڵڵا بەگ (میسباح).

٤. بەهۆی زۆربوونی شیعری شاعیرانی موکر یان، من سەبارەت بە سەوزەحمەد و عەزیز یا هەر کە سێکی دی کە– کە نوو سەرەوەی شیعری ئەو شاعیرانە بێت، لاموا یە شیعری هەورامی لەو سەردەمە تایبە تەدا (کۆتایی یەکانی سەدەی ١٩ و سەدەی بی ستەم) بە هەموو ناو چەکانی کورد ستان و یەك لەوان، موکر یاندا بڵاو ببوەوە و خوێ ندەوار و شاعیر و شایەری گۆرانیبێژ، تا ڕادە یەکیش خەڵکی ئا سایی ناوچەکە، شیعری هەوراممییان دەناسی. بەڵام شیعری شاعیرانی موکر یان بەو شێوەیە لە ناو چەکانی تردا بڵاو نەببوەوە و زۆر نەچووبووە ناو بەیاز و دەفتەری مەلاو فەقێ و خوێ ندەوارانی با شوور و باکووری کوردستان. جا، قورساییی بەرچاوی شیعری شاعیرانی موکر یان لە کە شکۆڵەکەدا من دەهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە کە شکۆڵەکە،

یاخود بە شێکی بەر چاوی، لە ناو چەی موکر یان نوو سرابێتەوە. بەم پێ یە، سەوزە حمەد و عەزیز –ئە گەر نوو سەرەوەی ڕا ستەقینەی ئەو کە شکۆڵە بن، دوور نی یە خەڵکی ناوچەی موکریان بووبێتن.

٥. قسەی کۆتایی، ئەگەر کەشکۆڵەکە لە ناو چەی موکریان نووسرابێتەوە، بە گوێرەی ئەو ڕا ستییەی کە لە ماڵی کاك عە بدوڵڵای ڕۆ ستەمی ڕا گیراوە و ئەو لە باوکی خۆی – میرزا عە بدولڕەحمانی بۆ ماوە تەوە و مۆری "ڕۆ ستەم" – باپیرەی کاك عەبدوڵڵا شی بە سەرەوەیە، دەکرێت بێینە سەر ئەو باوەڕەی وا کە شکۆڵەکە لە بۆ کان و دەورو بەری نوو سرابێتەوە و تۆ مارکرانی لای کەم ١٧ پارچە شیعری ئەحمەدی کۆر– کە دەزا نین لە دا شبەندی بۆکان ذێژراوە، ئەم باوەڕە قایمتر دە کات. وا هە یە زاذ یاریی ز یاتر لە سەر ئەم بابە تە تایبە تەم لەلا یەن کاك عە بدوڵڵاوە بگاتەوە دەست، کە هەر بە شوێن ئەم دێڕا نەدا دەیهێنم.

٦. لەناو کەشکۆڵەکەدا، پەڕەیەك کا غەز هە یە کە نو شتاوەتەوە و قەبارەی کراوە تە هەمان قەبارەی لا پەڕەی کە شکۆڵەکە، بەڵام پێ یەوە نەلکاوە. پەڕە کە شێوازی چوار لاپەڕەی بچووکی بە خۆیەوە گرتووە، کە سێ لاپەڕەیان نووسراوەی بەسەرەوەیە و لاپەڕەی چوارەم بەتاڵ ماوەتەوە. چوار غەزەلی فارسی لەو سێ لاپەڕەیەدا نووسراون کە لە مەقتەع، وا تە دوا یین فەردی هەموویا ندا، نا سناوی "فیکری" دەبینرێت:

- آشفته شود حالت فکری ز فراقت
- فکری بیچاره اندر هجرت ای غنچه دهان

- فكرى برو نصيحت سعدى بگوش گير
((كز هر چه بگـــذرى سخن دوست خوشتراست))
- بنوش بادهٔ گلگون به هر زمان فكرى!

بەدوای چوارەم غەزەلیشدا ئەم دێڕا نە نووسراون:

((جهت برادری آقـــا عبدالرحمن یادگار تحریرشد گرچە اشعار بندە قابل هیچ گونە توجهی نیست. بە تاریخ ٢٠ شعبان المعظم ١٣٤٤ [= ١٩٢٦/٣/٦ز] عبدالله سلمانی تخلّص بە "فكری". یاحق))

ئەم شیعرە لە سێ لایەنەوە ڕوونکەرەوە و خاوەنی بایەخە:

ئ. دەری دەخات کە کەشکۆڵەکە تا ساڵانێکی دواتر، واتە ١٣٤٤ [١٩٢٦ز] کەڵکی لێ وەرگیراوە و خوێنراوەتەوە؛

ب. شیعرەکان پێشکەش بە "آقا عبدالرحمن" کراون، کە بێگومان هەمان میرزا عەبدولڕەحمانی باوکی کاک عەبدوڵڵای خاوەنی کەشکۆڵەکەیە و ئەوە جارێکی تر پەیوەندیی کەشکۆڵەکە- لە دوایین قۆناغەکانی پێکهاتنیشیدا بێت، بە بنەماڵەی ئەوان و بە شاری بۆنەکانەوە دەسەلمێنێت.

پ. وا هەیە لە هەموو ئەوانە گرنگتر، ناوی شاعیرێکی خۆش مرخمان بۆ ئاشکرا دەکات کە شیعری ڕەوان بە واتای وەک ئەم فەردەی گوتووە و بەداخەوە لە هیچ کوێیەک ناوی تۆمار نەکراوە:

قومی به کعبه مایل و جمعی کنشت و دیر،
دیر و کنشت و کعبهٔ ما، کوی دلبراست
غایب نگردد از نظرم یار، گوئیا
در صحن دیده نقش جمالش مصوّراست.

یا ئەم شیعرە:

حدیث عشق زپیر مغان بپرس نه شیخ
که او همیشه به فکر ردا و دستاراست!

یادی بەخێربێت!

٧. خاڵێکی نائاسایی سەبارەت بە کەشکۆڵەکە هەیە، دەبێ لێرەدا باسی بکەم:

بە قوژبنی دەستە چەپی لای خوارەوەی لاپەرە ٥٠ی ڕاستەوە مۆرێکی هەڵکەنراو دەبینرێت، کە لەڕاستیدا مۆری جەوهەر و ڕەنگ نییە و ئەو شتەیە وا بە ئینگلیزی پێی دەگوترێت Seal- واتە مۆرێکی ئاسن وەک ئەوانەی بەڵگەنامەی پێ لاک و مۆر دەکەن، بەسەر کاغەزەکەوە دراوە و هەندێ پیتی پێ بەرجەستە کراوە. مۆرەکە بە زمانی ڕووسییە، چوارگۆشەیە، ئەگەر هەڵە نەکەم ئەم پیت یا وشانەی بە سەرەوە دەخوێنرێنەوە:




گەرچی دەکرێت ئەوانە ئاماژە بن بە کتێبخانە، یا ئیدارەیەکی تایبەت، یا باڵوێزخانە و کۆنسووڵیەتی ڕووس لە ناوچەکە، بەڵام بۆچوونێکی تر دەتوادێت ئەوە بێت کە پەیوەندیی بە کاغەزەکەوە بێت نەک کەشکۆڵەکە وەک کتێب، واتە نیشانەیەک بێت بۆ بازرگانی یا تجارەتخانەیەک کە کاغەزەکەی فرۆشتووە و ئێمە دەزانین کە بەشێک لەو کاغەزانەی وا لە ئێران دەفرۆشران هاوردەی وڵاتانی ئورووپی بوون. بەڵام من هیچ بۆچوونێکی تایبەتم لە سەر

مه سەلەکە نی یە و دا یدەنێم بۆ خەڵکانی شارەزا، پیتە ڕووسییەکانیشم بە تەواوەتی بۆ ناخوێنرێنەوە.

٨. کۆنترین ڕێ کەوتێك کە بە سەر کە شکۆڵەکەوە دەبینر ێت، هی لا پەڕە ٥١ی چەپە، کە ساڵی ١٢٩٨ [٨١-١٨٨٠ز] بێت و نوێترین هی ١٣١٨، وا تە ١٩٠١ی زاینی یە. دیارە حیسابی پەڕەی زیادکراوی "فیکری"، کە لەناو کە شکۆڵەکەدایە، بەڵام بەوەوە نەلکاوە، جە یاوازە و ٢٥ ساڵ دوای دوا یین ڕێکەوتەکەیە و دەری دە خات کە لای کەم تا ساڵی ١٩٢٦ کە شکۆڵەکە لەبەردە ستی خوێنەراندا بووە.

٩. کە شکۆڵەکە هە ندێك وردە شیعری فارسیی شاعیرانی وەك سەعدی، فیردەوسی و مەو لەویی بەڵخیی ڕۆ می و شاعیرانی نەنا سراوی دی کەی تێدا دەبینر ێت، کە هیچکامیان یا یەخی ئەوتۆیان پێ نەدراوە و زۆر جار تەنیا شوێنی بەتاڵیان پێ پڕ کراوەتەوە.

١٠.دوا بەدوای نوو سرانی ئەم دێڕا نە، ڕ ێزدار عە بدوڵلا ڕۆ ستەمی خاوەنی کە شکۆڵەکە لە مانگی پێنـ جی ٢٠٠٩دا نامە یەکی بۆ ناردم کە زانییار یەکی زۆری سەبارەت بە نوو سەرانی کە شکۆڵەکە تێدا بەدەستەوە داوە. کاك عەبدوڵلا دەنووسێت:

- عەزیز، مامی سەوزەحمەد و برای ڕۆستەم بووە؛

- ڕۆ ستەم، باوکی میرزا عەبدولڕەحمان و باپیرەی کاك عەبدوڵلایە؛

- سەوزە حمەد برا گەورەی میرزا عەبدولڕەحمانە؛

- عەزیزو سەوزەحمەد، مام و برازای یەکتر و وەدیهێ نەکانی کە شکۆڵەکەن؛ خۆشحاڵم کە ڕێزدار عەبدوڵلای ڕۆ ستەمی بەم یاددا شتە مۆری ڕووذ کەرەوەی لە سەر کە شکۆڵ و خاوە نەکانی ئەو ناوا نە لە گەڵ کە شکۆڵەکەدا پ شت ڕا ست کردەوە. دە ستی کاك عە بدوڵلا خۆش و یادی عەزیز و سەوزەحمەدی نووسەری کە شکۆڵەکە و میرزا عە بدولڕەحمان کە کە شکۆڵەکەی بۆ پاراستووین، بەخێر بێت.

١١. لە نامەیە کدا کە ڕێزدار عە بدوڵلای ڕۆ ستەمی لە مانگی شە شی ئەم ساڵدا بۆی نوو سیوم، ئەم زانیارییا نەی ڕاگەیا ندووە و منیش دەیخەمە بەرچاوی خوێنەر:

– ڕۆ ستەمی برای عەزیزو برازای سەوزەحمەد خەڵکی گوندی تورکمان کەندیی بۆ کان بووەو سەردار سەیفەددین خانی موکری هێناویە تە بۆ کان بۆ سەرپەر شتیکردنی کرێ کاران لە بنیاتـ نانی قەڵای سەردار و مز گەوتی جامیع و حەوزە گەورەی بۆ کان. [ سەیفەددین خان لەنێوان ساڵانی ١٨٣٦و ١٨٩٠دا ژیاوە.]

– وە ستا عە بدولڕەحمانی درداز ساز ساڵی ١٢٧٦ی هەتاوی [٨-١٨٩٧ز] لە بۆ کان لەدایك بووە.

عە بدوڵلا سەلمانی شاعیرێکی خەڵکی سنە بووەو وە ستا عە بدولڕەحمان لەکاتێ کدا لە سنە کاری درداز سازیی کردووە (لە گەڵ میرزا حەمە کەریمی سەعیدیدا)، ئەوی نا سیوە. "بابا مەردۆخی ڕوو حانی" لە بەرگی دوو هەمی ( تاریخ م شاهیر کرد)دا نووسیویەتی: ((میرزا عە بدوڵلا کە نا سناوی

شاعیریی خۆی بەپێی ئیش و کاری " سەلمانی" هەڵ پڕاردبوو، ساڵی ١٢٨٦ لە سنە لەدایك بووە و لە ١٣٣١ھ هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە [١٩٠٧ تا ١٩٥٢ز]. لەو ێدا غەزەلێکی فارسیی شاعیریش چاپ کراوە، کە بەم فەردە دەست پێدەکات و بە ئاشکرا سیاسییە:

بە قتل عاشــق مسکین شـتاب باید کرد
اســاس هســتی مارا خــراب باید کرد
(بەرگی ٢، ل٣١٦)

برای چارهٔ این هرج و حقگشــیّ و ستم
علاج نیســت جزاین، انــقلاب باید کرد

١٢. من هەوڵم داوە لیستەیەك لە میسراعی یەکەمی شیعرەکان پێك بهێنم. گەرچی لە هەندێك شوێندا تێکەڵییەکی وا هەیە گەرچی لە هەندێك شوێندا تێکەڵاوییەکی وا هەیە کە دوور نییە حیساباتی منی تێك دابێت، بەڵام بەگوێرەی ئەو لیستەیەی لێرەدا دەیبینن، سەرجەم ١٠٢ پارچە شیعری کورت و درێژ لە کە شکۆڵەکەدا نووسراون، کە هەندێکیان، وەك " لەیلی و مەجنوون" ٢٤ لاپەڕەن و هەندێکیان وەك فارسییەکان تەنیا یەك فەردن. لە حیسابی مندا پارچە شیعری لاپەڕە ٧٥ی ڕاست – کە واهەیە هی ئەحمەدی کۆر بێت، گەرچی ١٢ لاپەڕەیە و لە چەند بەندپێك هاتووە، بە یەك پارچە دانراوە، بەڵام موناجاتەکەی خانای قوبادی بە ٧ پارچەی جیاواز حیساب کراوە. ئەوەش لیستەی هەموو شیعرەکان:

| شیعرەکان | لاپەڕە |
|---|---|

| | |
|---|---|
| ١. بسم الله الرحمن الرحيم | |
| دار جنكان، مشهوراست به پيرەدار | |
| هامسەران وەختێ جە ڕۆیان ڕۆیی، جە وەختان وەختێ | ا ڕاست |
| ٢. قبیلە! دووروڵات | ٥ ڕاست |
| ٣. دەروێشی مانەن  میرزا شەفیع بێلەواری (مامێزەکی) (کولیایی) (شەفیع) | ٦ چەپ |
| ٤. میرزام زام حەی  ١٢٠٦-١١٦٨ (دستگاه خسروخان اول) | ٨ ڕاست |
| ٥. دۆس دوورووەتەن | ٩ ڕاست |
| ٦. قیبلەم مەزانام | ٩ چەپ |
| ٧. ماتم لە بەحر پەی نەدەر، نو زوڵمەت بێ ڕۆشنە (ئەحمەدی کۆر) | ١٠ ڕاست |
| ٨. یا فەرد ئەعزەم (میرزا فەتحوڵلا) | ١٢ ڕاست |
| ٩. ئەمشەو هەر خەمەن ها نە کەمیندا | ١٤ ڕاست |
| ١٠. میرزام قەڵای خاو (کەلام فەقێ) | ١٤ چەپ |
| ١١. چراخم ! دووریت (کەلام شەفیع) | ١٤ چەپ |
| ١٢. لە بۆستانی ئیرەمدا خۆ نییە قەت (نالی) | ١٥ چەپ |
| ١٣. ڕای شەرح ئەنوەر (شەفیع) | ١٧ ڕاست |
| ١٤. میرزام ! زام حەی (شەفیع) | ١٧ چەپ |
| ١٥. سەری زولفت کە ڕشتەی عومری خزری نیوە هەودایە (نالی) | ١٨ ڕاست |
| ١٦. میرزام شکارکەرد یەك ڕۆستای نۆفڵ (کەلام شەفیع. بسم الله الرحمن الرحيم | ١٩ ڕاست |
| (لەیلی و مەجنوون) | ١٩ چەپ |
| ١٧. نەوبەهار... وەشبۆ بە ئان دڵبەری  (کەلام شەهاب) | تا  ٣١ چەپ |
| ١٨. آنكس كه نداند و بداند كه نداند (فارسی) (٣ فەرد) | ٣٢ ڕاست |
| ١٩. اين [چە]  چيزاست زير دامنت ... (فەرد) (فارسی) | ٣٣ ڕاست |
| ٢٠. جهان تا جهان تخم بدكاشتى (فەرد) (فارسی، فردوسی) | ٣٣ ڕاست |
| ٢١. تا توانى درون كس مخراش (١ فەرد) (فارسی) | ٣٣ ڕاست |
| ٢٢. به تدبير شايد جهان ... (١ فەرد) (فارسی) | ٣٣ چەپ |
| ٢٣. ... (چەند فەرد شیعری فارسی) | ٣٣ چەپ |
| ٢٤. فریشتەی شەریف عليك السلام (عاشق معشوقه) | ٣٤ ڕاست |
| ٢٥. نوروز شد نوروز شد (نوروزی) (فارسی) | ٣٤ چەپ |
| ٢٦. زڵێخام جۆشان | ٣٥ ڕاست |
| ٢٧. جر ... کوتم ئایا هەزاری ... (نالی) | ٣٦ ڕاست |
| ٢٨. ئەی ... (... ؟) | ٣٦ ڕاست |
| ٢٩. ماه رمضان چون گـذرد نوبت عيداست (فارسی) (شێخ ڕەزا) | ٣٧ ڕاست |
| ٣٠. قیبلەم! دەروونم کۆتا نمەبۆ خەم نە دەروونم (نالی) | ٣٧ چەپ |
| ٣١. شیرین خەندە کەرد (شهابی است) | ٣٨ ڕاست |

| | |
|---|---|
| ٣٢. بولبولی والەعەزمی جانانی هەیە (ناری ...؟) | ٣٨ چەپ |
| ٣٣. غم مخور عاشق! که غم خوارت منم (فارسی) | ٣٩ ڕاست |
| ٣٤. اسامی ماه: ز محرّم چو گـذشتی چو بود ماه صفر | ٣٩ چەپ |
| ٣٥. میرزام پای داستان (شەفیع) | ٤٠ ڕاست |
| ٣٦. ... خودا .... عەزم یارخوی .... (ئەحمەد کۆر) (تۆبە) | ٤١ چەپ |
| ٣٧. هەر وەکوو من دیم لە خەودا ... لە ... لەشکری (ئەحمەدی کۆر) (تۆبە) | ٤٢ چەپ |
| ٣٨. نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ (نالی) | ٤٤ ڕاست |
| ٣٩. لە دوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان (نالی) | ٤٤ چەپ |
| ٤٠. ڕەنگی گوڵ قوربان وەکوو [ڕەنگی] ڕوخت ڕەنگین نییە (نالی) | ٤٤ چەپ |
| ٤١. لە ئەم عیدە ... لە دیداری ڕەفیقانم (حەریق) | ٤٥ ڕاست |
| ٤٢. گەر تۆ یاری باوەفامی، هێندە سەنگین‌دڵ مەبە! (ئەحمەدی کۆر) | ٤٦ ڕاست |
| ٤٣. شەو لە من زستان و بەندە، ڕۆژ لە من تاریك و ڕەش (ئەحمەدی کۆر) | ٤٦ چەپ |
| ٤٤. ئەی مایەیی سەد فیتنە لە دوو نەرگسی جادوو (نالی) | ٤٧ چەپ |
| ٤٥. دڵبەرا! دایم دەناڵم دەم بەدەم، شام و سەحەر (ئەحمەدی کۆر) | ٤٧ چەپ |
| ٤٦. ئەی پەرتەوی حوسنت هەموو ڕەنگی گوڵی باغان! (نالی) | ٤٨ چەپ |
| ٤٧. بۆ گەڕانی ئاشی ئاشی دڵ فرمێسکی چاو ئاق دەنزە (آق دکزە) (پێشتر نووسراوە "فارسی" و پاشان کراوە بە "کوردی" هی چ شاعیرێکە؟ وا هەیە هی مستەفا بەگی کوردی بێت) [ڕاست هی مستەفا بەگی کوردییە- گۆڤاری "ژین"] | ٤٩ ڕاست |
| ٤٨. دریغا بای خەزان دایە بەهاری شۆخی ڕەعناکەم (من کەلام وفایی) | ٤٩ ڕاست |
| ٤٩. زەدەی ڕووتم بە چاوی تۆ، شەفام بێ لێوەکەت نابێ (وەفایی) | ٥١ چەپ |
| ٥٠. زولفت بە قەدت‌دا کە پەرێشان و بڵاوە (نالی) | ٥٢ ڕاست |
| ٥١. دڵبەری ... ی وەرد ئەحمەدای، ڕووگوڵشەنی ٥ خشتەکی (ئەحمەدی کۆر) | ٥٢ چەپ |
| ٥٢. گرفتارم بە داوی چاوەکانی مەست و فەتتانت (وەفایی) ... | |
| ٥٣. تەبیبی دڵ لەکوێیە، بێ عیلاجی دەردی کاریم کا (کلام عبدالله بەگ) | ٥٥ ڕاست |
| ٥٤. بە ئەبرۆ و خەت و خاڵ خووبی، بە باڵا چست و چالاکی (فەقێ) | ٥٥ چەپ |
| ٥٥. ئەمان مردم، عیلاجم کەن لە ڕێی پێغەمبەرا چارێ (کوردی) | ٥٦ ڕاست |
| ٥٦. چاوەکەت فەتتانە تۆ تەعلیمی دەرسانی مەکە (غزل وحشت) | ٥٦ ڕاست |
| ٥٧. فەلەك ! مەردەبای ... (فەقێ) | |
| ٥٨. .... ڕوز بێقەرارم من لە عیشق ڕووی نەوگوڵها (ئەحمەدی کۆر) | ٥٧ ڕاست |
| ٥٩. ... بە حەققت یا ڕەببەنا ... مردن هەر ئەوە (ئەحمەدی کۆر) | ٥٧ چەپ |
| ٦٠. بەدینت ... زوخاو (ئەحمەدی کۆر) | ٥٩ ڕاست |
| ٦١. حەسرەتی ئەندووهی جانان ئەم سووتاندی ڕۆژ و شەب (ئەحمەدی کۆر) | ٦٠ چەپ |
| ٦٢. مۆم زبانان، دڵ چو سەنگان، .... حەریر (؟) (ئەحمەدی کۆر) | ٦٢ ڕاست |
| ٦٣. بە دڵ کین بە ... مەی غوباری میحنەتی دونیا (کلام کوردی) | |

| | |
|---|---|
| (تەخمیسی غەزەلی حافز الا یا أیها الساقی ...) | ٦٢ چەپ |
| ٦٤. چەند فەردی فارسی: حجاز به بیداری آسوده ماند ... | |
| وێدەچێت ئەم لاپەڕەیە هی شوێنێکی دیکە بووبێت، یا پێچەوانە نووسرابێت. | |
| ٦٥. پیری کەردەوە (شەفیع) | ٦٤ ڕاست |
| ٦٦. گڵکۆی تازەی لەیل (ئەحمەد بەگ) | ٦٥ ڕاست |
| ٦٧. ستاّر، آنکه هست به نیرو تهمتنا (شێخ رضا) | ٦٧ چەپ |
| ٦٨. هەی یاران نیان، هەی یاران [نیان] (هفت بند خانای "قبادی"؟) | |
| لە هەمان لاپەڕەدا، دوای ١٨ فەرد نووسراوە: تمّت | |
| ٦٩. بەڵام لە لا پەڕەی دوایدا، وا تە ٦٨ب، نوو سراوە بە ندی دو یم و بەم شیعرە دەستی پێکردووە | |
| ٧٠. قەدیم موتڵەق یا قایم بەزات قەدیم موتڵەق | ٦٨ چەپ |
| ٧١. یا حەق! کەس چون تۆ پەرێ کەس نییەن | ٦٩ چەپ |
| ٧٢. یا ڕەب! من بەندەی نافەرمان تۆم | ٦٩ چەپ |
| ٧٣. یا حەی! ئەر بەدخووم، ئەر پاکێزە خووم | ٧٠ چەپ |
| ٧٤. پادشای شاهان ئیقلیم هەستی! | ٧٠ چەپ |
| ٧٥. کەریم کارساز! دەهەندەی داوەر! | |
| (دەبێ بەندەکانی بەراورد بکرێن. وا هەیە ناتەواو بن) | ٧١ ڕاست |
| ٧٦. عشق خوبان در جهان هرگز نبودی کاشکی (کلام حضرت شیخ سعدی) فارسی | ٧٢ ڕاست |
| ٧٧. آخر ای سنگدل بیم زنخدان تا چند ؟ (سعدی) | ٧٢ ڕاست |
| ٧٨. بولبول ل باغ جەننەتی، دایم دخوێنێ عەندەلیب (کلام شیخ احمد کۆر) | ٧٢ ڕاست |
| ٧٩. من ل داغ و حەسرەت تو ئەرز و ئاسمان پێ بوو تەنگ (شیخ ئەحمەد) | ٧٣ چەپ |
| ٨٠. من کریم بۆ چییە ... ...... لێژ (کلام نالی) | ٧٤ چەپ |
| ٨١. بسم الله الرحمن الرحیم ڕەحمەت ل وی کەسانی گوێ بداتە ڕیوایەتی (؟) شیعرێکی دوورودرێژە لە چەند بەند پێك هاتووە، هەر بەندێکی ٣ فەردە کە هاوقافیەن. بە کرمانجیی ژووروو نووسراوە و تێکەڵە لەگەڵ کرمانجیی خواروو. وشەی عەرەبیی زۆر تێدان. هاوشێوەیە لەگەڵ شیعری ئەحمەدی کۆر. لە کۆتاییدا هاتووە: بە دڵ بکا دۆعایێ بۆ محەمەدی سیوجی. کێیە ئەو کەسە؟ [ئەو شیعرە درێژەی محەمەدی سیوچی، سیوچ دێیەکی نزیکی شاری بانەیە، چاپ و بڵاو بووەتەوە. بڕوانە: مەلا محەمەدی سیوچی، تذکرة العوام یان بەیتی ئەووەڵ و ئاخر، چاپخانەی کامەرانی– سلێمانی، ١٩٧٩. – گۆڤاری "ژین"] | ٧٥ ڕاست |
| ٨٢. لێوەکەت مەی پێوەیە (فەردێك) | ٨١ ڕاست |
| ٨٣. لەسەر شەو ڕۆژی دانا و ملی فیتی لەسەر ناوە (حاجی قادر) | ٨١ چەپ |
| ٨٤. بابی جەوابی دڵبەری (ئەحمەدی کۆر) | |
| ل ێرە بەدواوە تەرتیبی نوو سینی دێرە کان دەگۆڕدر ێت. وا هە یە تەسمیم –وا تە | |

| | |
|---|---|
| شیرازەی لا پەڕەکان- خراپ کرابێت (یا شماوەی شیعرەکە لە ٨٢ ڕا ست و ٨٢ی چەپدایە) تێکچوونی شیرازە | ٨٣ چەپ |
| ٨٥. ئەم شیعرەش، بە هەمان شێوەیە لە لا پەڕە ٨٤ چەپەوە دە ست پێدە کات (ناوەڕاستی لاپەڕەکە) و تا ٨٣ چەپ درێژەی هەیە واتە بە پێچەوانە: تا بە مەحشەر هەر دبێژم دی صەلا ل من غەریب (ئەحمەدی کۆر) | ٨٤ چەپ |
| ٨٦. کلام شیخ سعدی: روزی ز سرسنگ عقابی بە هوا خاست ...(فارسی) | ٨٥ ڕاست |
| ٨٧. مرا راحت زندگی دوش بود ... چەند شیعری فارسی | ٨٥ چەپ |
| ٨٨. ئاه ئاتەشینم، فرمێسکی خوێنینم (چوار فەردی کوردی) | ٨٥ چەپ |
| ٨٩. کلام شیخ ئەحمەدی کۆر (کالام نووسراوە): دڵ دەسووتێ شوبهی مۆم (ئەحمەدی کۆر) | ٨٦ ڕاست |
| ٩٠. فرمودە حضرت شمس قدس سرّە: اگر ملك سلیمان را تو در زیر نگین داری (فارسی) (مولوی بلخی) | ٨٦ چەپ |
| ٩١. حەریق: هەموو کەس با بزانێ من کە سەودای زولفی دوو تاتم (حەریق) | ٨٧ ڕاست |
| ٩٢. چاوەڕێی موژدەی نەسیمم تا لە گوڵشەن دێتەوە (حەریق) | ٨٨ ڕاست |
| ٩٣. نخواهم تاج کیخسرو، بجویم ملکت جم را ( ٢ فەردی فارسی) | ٨٨ چەپ |
| ٩٤. شێخ بە تەنها بوو کە فەرمووی ابن ملجم من دەگێم (شێخ ڕەزا) | ٨٨ چەپ |
| ٩٥. شێخ بێ خەبەرە لەم قسە مەشهوورە لە ئافاق (؟) | ٨٩ ڕاست |
| ٩٦. کلام شێخ ڕەزا: مامەکەی قەحبە ژنە، دەوڵەتی شەددادی هەیە (شێخ ڕەزا) | ٨٩ ڕاست |
| ٩٧. وەفایی: ئارەق ڕووی داگرتی لەبەر پێکەنینە (وەفایی) | ٨٩ چەپ |
| ٩٨. وەفایی: حەڵقە حەلقەی تاری زوڵفی خستە سەر ڕووی نازەنین | ٩٠ ڕاست |
| ٩٩. خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا (کلام شێخ ڕەزا) | ٩١ ڕاست |
| ١٠٠. لێرەدا دیسان تەرتیبی پەڕەکان شێواون و سەرەتای شیعری لە ٩٢ ڕاستەوەیە: کلام کردی: ئەرێ یاران! شەبی هیجرانە یاخۆ مەحشەرە ئەمشەو؟ (کوردی) | ٩١ چەپ |
| ١٠١. بە هەمان شێوە، شیعری لا پەڕە ٩٢ی ڕا ست لە ٩٣ی ڕا ستەوە دە ست پێ دەکات: | ٩٢ ڕاست |

وە

٠٢